

# مانگـــی ڕەمەزان

## مانگی پڕ خێرو بەرەکەت و غوفران


ئامادە کردنی

م. نوزاد إبراهيم محمد

ئیمام و خەتیبی مزگەوتی بەهەشت لە سلێمانی



١٤٣٣ھ ـ٢٠١٢م

الحمد لله ربّ العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەو میوانە هەرە بەڕێزەیە کە لە دەرگای هەموو ماڵێکی موسڵمان ئەدات و هەموو موسڵمانێك خۆشی ئەوێت چونکە هۆکاری خێرو بەرەکەتە بۆ هەر ماڵێك کە میوانداری پێ بکات و دواتریش کە ماڵئاوایی ئەکات هۆکاری سڕینەوەی گشت هەڵەو کەم و کورتی و تاوانەکانە، دەی با پێشوازی لەو خۆشەویستە بکەین بە :**

**١- تەوبەو پەشیمانی لە هەڵەکانمان، چونکە کەس بێ هەڵەو تاوان نییەو خوای گەورەیش لێبوردەیە.**

**٢- بەنیەتێکی پاکەوە بۆ خواو دوور لە هەر ڕیاییەك و بەو شێوازەیش کە پێغەمبەر**(صل الله علیه وسلم ) **ڕێنمایی کردوین.**

**٣- بە شوێن کەوتنی سوننەکانی پێغەمبەر**(صل الله علیه وسلم )**و ڕاکردن لە بیدعەو بیدعە کاران .**

**٤- ئارامگرتن لەسەر برسێتی و تینوێتی خۆگرتنەوە لە چێژو ئارەزووەکان بە هیوای پاداشت .**

**٥- بە فیڕۆ نەدانی کات و بەسەر بردنی لە چاکەو عیبادەتدا .**

بەشی یەکەم :

**مانگی ڕەمەزان ئەو مانگە پیرۆزەیە کە فەزڵ و تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە لە چاو مانگەکانی تردا ، لەوانەیش :**

**١- دابەزینی قورئانی پیرۆز تێیدا :**

**خوای گەورە دەفەرمویێت :**﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾. البقرة :١٨٥.

**واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا دابەزێنراوەتە خوارەوە کە ڕینمایی هەموو خەڵکی دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و کردەوەی چاك ،وەچەندین بەڵگەو نیشانەی زۆر ڕوون و ئاشکرای تێدایە بۆ شارەزا بوون لە ڕێگەی ڕاست و جیاکردنەوەی حەق لە بەتاڵ.**

**٢- شەوی (قەدر)ی پیرۆزی تێدایە :**

**خوای گەورە دەفەرمویێت:** ﴿لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ القدر:٣ .

**واتە : خوا پەرستی لە شەوی (قەدر) دا چاکترە لە خوا پەرستی هەزار مانگ .**

**٣- ڕۆژو گرتنی ڕۆژووەکەی کەفارەتی گوناهە :**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ): ((مَن صامَ رَمَضانَ إيماناً واحْتِساباً غُفِرَ لَهُ ما تَقَدَّمَ مِن ذَنْبِهِ وما تَأَخَّرَ)). متفق عليه.

**واتە: هەرکەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت بەو شێوەی کە ئیمانی بە واجبێتی هەبێت و بەتەمای پاداشت بێت ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی لەوەو پێشی خۆش دەبێت .**

**٤- نوێژی (تەراویح) کردن :**

قال رسول الله (صل الله عليه وسلم ): **((مَن قامَ رَمَضانَ إيماناً واحْتِساباً غُفِرَ لَهُ ما تَقَدّمَ مِن ذَنْبِهِ وما تَأَخَّرَ))**. متفق عليه

**واته : هەر کەسێك نوێژی تەراویح بکات بەو شێوازەی کە ئیمانی بە سوننەتێتی هەبێت و بە تەمای پاداشت بێت ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی لەوەو پێشی خۆش ئەبێت .**

**٥- ڕەمەزانێك بۆ ڕەمەزانێکی تر سڕینەوەی گوناهی نێوانیانی تێدایە :**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ) : ((الصَّلواتُ الخَمسُ والجُمُعَةُ الى الجُمُعَةِ ورَمَضانَ الى رَمضان مُكَفِّراتٌ لِما بَيْنَهُنَّ إذا اجْتُنِبَتِ الكَبائر)). رواه مسلم .

**واتە: پێنج فەرزەی نوێژو جومعەیەك تا جومعەیەکی تر و ڕەمەزانێك تا ڕەمەزانێکی تر هۆکاری سڕینەوەی گوناهەکانی نێوانیانن بە مەرجێك تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت .**

**٦- وەڵام دانەوەی پاڕانەوەو ڕزگار بوون لە ئاگری تێدایە :**

**قال** (صل الله عليه وسلم ) : ((إنَّ لِلّهِ في كُلِّ لَيلةٍ عُتَقاء مِنَ النَّارِ في شَهرِ رَمضانَ وَإنَّ لِكُلِّ مُسلِمٍ دَعْوَةٌ يَدعو بِها فَيَستَجابُ لَهُ)) . رواه أحمد

**واتە: خوای گەورە لە هەموو شەوێکی مانگی ڕەمەزاندا کەسانێك لە ئاگر ڕزگار ئەکات ، وە هەموو موسڵمانێك دوعایەکی هەیە کە داوای بکات، جا خوای گەورە وەڵامی ئەداتەوە .**

**٧- خوا پەرستی ئاسان ئەبێت و خراپەکاری قورس ئەبێت :**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ): ((ويُنادي مُنادي: يا باغيَ الخَيرِ أَقْبِلْ، وَيا باغِيَ الشَّرِّ أَقْصِرْ)). رواه الترمذي .

**واتــە: لــە مــانگی ڕەمەزانــدا بانگكــەرێك بــانگ دەكــات و ئــەڵێت: ئــەی چاكەكار وەرە پێشــەوەو چاكەكانت زیــاتر بكــە، وە ئــەی خراپــەكار ئــیتر واز بهێنــە دەس هــەڵگرەو تەوبە بكە .**

**٨- دەرگاكانی بەهەشت ئەكرێتەوەوە :**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ):((وفُتِّحَتْ أَبوابُ الجَنّةِ فَلَمْ يُغْلَقْ مِنها بابٌ)). رواه الترمذي.

**واتە: دەرگاكانی بەهەشت ئەكرێنەوە لەو مانگەدا و هیچیانی لێ داناخرێت .**

**٩- دەرگاكانی دۆزەخ دائەخرێن :**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ): ((وغُلِّقَتْ أَبوابُ النّارِ فَلَمْ يُفْتَحْ مِنها بابٌ)) رواه الترمذي.

**واتە: دەرگاكانی دۆزەخ دائەخرێن لەو مانگەداو هیچیان لێ ناكرێنەوە .**

**١٠- شەیتانەكان و جنۆكە خراپكارەكان ئەبەسرێنەوە و سنك ئەكرێن و ناكرێنــەوە بــۆ ســەر لێشــێواندن و خــراپ كردنــی ڕۆژووەوانــەكان و شــەڕو خراپــەیان كــەم ئەبێتەوە.**

**قال** رسول الله (صل الله عليه وسلم ): ((إِذا كانَ أَوّلُ لَيلةٍ مِن شَهرِ رمَضانَ صُفِّدَتِ الشّياطِينُ وَ مَرَدَةُ الجِنِّ)). رواه الترمذي.

**واتــە : هــەر كەیەكــەم شــەوی مــانگی ڕەمــەزان هــات شــەیتانەكان و جنۆكــە خــراپ كارەكان ئەبەسرێنەوە .**

**برایــان و خوشــكان... ئــەم مانگــە پــیرۆزە مــانگی تەوبەیــە، ئــەو مانگەیــە كــە بــانگ دەكات: ئەی چاكەكار وەرە پــێش ئــەی خراپــە كار ئــیتر بەســەو واز بهێنــە ، جا لــەم مانگە پیرۆزەدا هەوڵ بــدەین ئەگــەر كــەم و كورتییــەكمان هەیــە ئــەوا بــا بــە خۆمانــا بچینەوەو تەوبەی لێ بكەین، لەزەتی دنیا كۆتای دێــت، بــا واز لــە خراپــەو سەرپێچــی پەروەردگار بێنین، تۆ ئەی بــرای بــاوەڕدار بــە خۆتــا بچۆرەوە بــا ئــیتر شــەیتانەكانی جنۆكــەو مــرۆڤ هەڵت نەخەڵەتێنن، تــۆش ئــەی خوشــكی بــاوەڕدار بەهــەمان شــێوە**

**تۆیش بیر لە قیامەتت بکەرەوەو با جلەکانت بەو شێوازە بێت کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی** (صل الله عليه وسلم ) **فەرمانی پێکردویت .**

بەشی دووەم :

**چۆن فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان بقۆزینەوەو لە کیسمان نەچێت :**

١- ڕۆژو گرتنی ڕۆژەکانی :

**ڕۆژووی مانگی ڕمەزان یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام و پێویستە (واجبە)لە سەر هەموو کەسێکی موسڵمان و باڵغ و عاقڵ، وە لەش ساغ بێت و لە سەفەردا نەبێت، وە پێویستە ئافرەت لە خولی مانگانەدا نەبێت و لە خوێنی زەیسانیدا نەبێت، جا ئەگەر نەخۆش و موسافیر نارەحەت نەبوون ئەوا ڕۆژوو گرتن باشترە بۆیان بەڵام ئەگەر نارەحەت بوون ئەوا باشترە بەڕۆژوو نەبن.**

**وە خوای گەورە ئەفەرموێت**﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ البقرة: ١٨٥.

**واتە: هەر کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی بابە ڕۆژو بێت.**

**خەیری ڕۆژووەکەی :**

**أ- سڕەرەوەی گوناهەکانە وەك پێغەمبەر**(صل الله عليه وسلم ) **ئەفەرموێت:** ((مَن صامَ رَمَضانَ إيماناً واحْتِساباً غُفِرَ لَهُ ما تَقَدّمَ مِن ذَنْبِهِ وما تَأَخَّرَ)). متفق عليه.

**واتە: هەرکەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت بەو شێوەی کە ئیمانی بە واجبێتی هەبێت و بەتەمای پاداشت بێت ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی لەوەو پێشی خۆش دەبێت .**

**ب- بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لەلای خوای گەورە لە بۆنی میسك خۆشترە .** متفق عليه.

**ج- دوو جار توشی دڵخۆشی و فەرەح دەبێت. یەکەم لە کاتی بەربانگ کردنەوەداو دووەمیش لە کاتی گەیشتن بە خوای گەورە لە قیامەتدا .** متفق عليه.

د- ڕۆژو گرتن و قورئان خوێندن شەفاعەت بۆ خاوەنەکانیان ئەکەن لە ڕۆژی قیامەتدا .

ه- ڕۆژوو خاوەنەکەی لە ئاگر ئەپارێزێ و لە دەرگای ڕەییانەوە ئەیخاتە بەهەشتەوە

و- پاداشتەکەی ئەوەندە زۆرە تەنها خوای گەورە خۆی ئەزانێت چەندەیەو چۆن پاداشتی ئامادە کردووە بۆی .

تاوانی ڕۆژوو نەگرتن :

هەر کەسێك باوەڕی بە واجبێتی ڕۆژووی ڕەمەزان نەبێت ئەوا لە دینی ئیسلام دەرچووەو کافرە، بەڵام هەر کەسێك باوەڕی بە ڕۆژو هەبێت و نەیگرێت ئەوا دورە لە ڕەحم و بەزەیی خواو تاوانێکی یەکجار گەورە ئەنجام ئەدات کە مەگەر هەر خوای گەورە خۆی بزانێ سزاکەی چەندە گران و بە ئێشە، لە دۆزەخدا بە قولە پێ هەڵئەواسرێت بە دەم قلێشاوی وخوێن لە دەمی ئەچۆڕێت .

٢- شەو نوێژ کردنی شەوەکانی :

پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم ) شەوەکانی بە عیبادەت و شەو نوێژ زیندوو ئەکردەوە، بە تایبەتیش لە دە شەوی کۆتاییدا، وە خێزانەکانیشی خەبەر دەکردەوە بۆ نوێژو هەموو شەوەکەی بە نوێژو زیکر و داوای لێخۆشبون و خوێندنی قورئان و دوعا کردن زیندوو ئەکردەوە تا کۆتایی ڕەمەزان .

وە ئەم دوعایەی زۆر ئەخوێند: ((اللّٰهُمّ إِنّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ العَفوَ فَاعْفُ عَنِّي)) رواه الترمذي.

وە دایکمان عائیشەڵ مەدحی شەو نوێژەکانی پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم ) ئەکات و پیایا هەڵئەدات لە درێژی و جوانی و ڕێك و پێکیدا .

جا بائێمەش تەراویحمان درێژو ڕێك و جوان بێت وخشوعی تێدا بێت و پەلەی تیا نەکەین .

وە دروستە نوێژی تەراویح بە جەماعەت بۆ پیاوان و ئافرەتانیش، وە ئەگەر کەسێك بیەوێت بەتەواوترخێری هەموو شەوەکەی دەستکەوێت با لەگەڵ ئیمامدا

تەراویحەکەی تەواو کات (ئەگەر ئیمامەکە لەوانە نەبوو کە شەریك بۆ خوا بڕیار ئەدەن و بیدعە بووە بە دین لە لایان و هەموو نوێژەکەیان پێچەوانەی سوننەتە).

**پێغەمبەر** (صل الله علیه وسلم )**ئەفەرموێت:** ((إِنَّ الرَّجُلَ إِذا صَلّى مَعَ الإِمامِ حَتّى يَنصَرِفَ حُسِبَ لَهُ قِيامُ لَيلة)) رواه ابو داود.

**واتە:** ئەگەر کەسێك لە گەڵ ئیمامدا نوێژی کرد تاوەکو کۆتایی پێ دێنێ و تەواوی ئەکات ئەوا بە شەو نوێژ بۆی حساب ئەکرێت.

**٣- خوێندنی قورئان بە دڵ کزی و دڵ پێدانەوە :**

چونکە مانگی ڕەمەزان مانگی ڕۆژو و گرتن و قورئان خوێندنە تایبەتی تر لە مانگەکانی تر، وە جبریل علیه السلام دەوری قورئانی لەگەڵ پێغەمبەردا(صل الله علیه وسلم )ئەکردەوە. پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم ) ئەفەرموێت: قورئان و ڕۆژوو شەفاعەت بۆ خاوەنەکانین ئەکەن لە ڕۆژی دواییدا . رواه أحمد وهو صحيح.

**٤- نوێژ کردن بە جەماعەت :**

نوێژ کردن بە جەماعەت واجبەو نابێت بفەوتێنرێت، بەتایبەتیش ئەبێت لە مانگی ڕەمەزاندا زیاتر وریای بین، وە خێری نوێژێك بە جەماعەت (٢٧) جار زیاترە لە نوێژێکی بە تەنها .

وە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت قورئان خوێندنەکە لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و مەبەست پارە پێ پەیدا کردن نەبێت لە تەعزیەو سەرقەبران و شوێنەکانی تردا، وە خەتم کردنیش لەسەر سونەت بێت کە نابێت لە سێ ڕۆژ کەمتر خەتمێك بکات، وە ئەوەندە بە شڵەژاوی نەیخوێنێت کە خۆیشی نەزانێت چی ئەڵێت و هەوڵ بدات لێی تێ بگات و کردەوەی پێ بکات، وە هەر کەسێك بە نارەحەت بۆی بخوێنرێت ئەوە دوو جار پاداشتی هەیە .

**٥- زیکر کردن :**

**وەك زیکرەکانی دوای نوێژە فەرزەکان و، زیکری بەیانیان و ئێواران و هی تریش، وە زیکرەکان بە دڵ کزی و بێ دەنگی بۆ خۆی بیخوێنێت، خۆی بپارێزێت لە زیکری بەکۆرس و جەماعی و سەربادان لە گەڵیداو تایبەت کردنی شەوێکی هەفتە بۆ زیکر کردن .**

**٦- دوعاو پاڕانەوە :**

**چونکە دوعاو پاڕانەوەی ڕۆژو گران گیرایە، پێغەمبەر** (صل الله علیه وسلم )**ئەفەرموێت** ((ثَلاثَةٌ لا تُرَدُّ دَعوَتُهم ... الصائِمُ حينَ يُفطِر)) . رواه أبو داود.

**واتە: سێ جۆر کەس هەن کە پاڕانەوەیان ڕەت ناکرێتەوە، یەکێك لەوانە ڕۆژووەوانە کاتێك کە بەر بانگ ئەکاتەوە، وە بەتایبەتیش لە کاتی پارشێودا زۆر بپاڕێتەوە لە خوای گەورە، وە دوعاو پاڕانەوەی لە خوا بێت و جگە لە خوا داوا لە هیچ کەسێکی تر نەکات و لێی نەپاڕێتەوە چونکە هاوبەش دانانە.**

**٧- ماڵ بەخشین و چاکە کردن لەگەڵ هەژاراندا :**

**چونکە ماڵ بەخشین و چاکە کردن لە ڕەمەزاندا چەند جار خێری زۆر ترە لە مانگەکانی تر، وەپێغەمبەر** (صل الله علیه وسلم ) **لە ڕەمەزاندا لە هەموو کەس بەخشندە تر بوەو خێری زۆر تر دەکرد، لەبەر ئەوەی هەر ماڵێك ببەخشرێت ئەوا ئەمێنێتەوە ونەفەوتاوە .**

**جارێکیان پێغەمبەر** (صل الله علیه وسلم ) **فەرمانی کرد حەیوانێك سەر ببڕن، جا سەریان بڕی و هەموویان بەخشیەوە جگە لە دەستێکی نەبێت، پێغەمبەر**(صل الله علیه وسلم ) **پرسیاری کرد چی ماوە ؟ وتیان تەنها دەستێکی ماوە، ئەویش فەرمووی: نەخێر هەمووی ماوە جگە لە دەستێکی نەبێت .**

**وەپێغەمبەر**(صل الله علیه وسلم )**ئەفەرموێت: ماڵی موسڵمان بە صەدەقە کەم ناکات وە خێرو صەدەقە تاوان ئەسڕێتەوە .**

**٧- خواردن دان بەڕۆژووەوان :**

**پێغەمبەر**(صل الله عليه وسلم ) **ئەفەرموێت** ((مَن فَطَّرَ صائِماً فَلَهُ مِثلُ أَجرِهِ غَيرَ أَنّهُ لايَنقُصُ مِن أَجرِ الصّائِمِ شَيء)).

**واتــە: هــەر کەسـێك بــەربانگ بــە ڕۆژووەوانێـك بکاتــەوە ئــەوا هــەمان پاداشــتی ڕۆژووانەکەی هەیە بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووەوانەکەیش کەم بکات .**

**٨- چاکەکردن و دورکەوتنەوە لە خراپە :**

**پێغەمبەر**(صل الله عليه وسلم ) **ئەفەرموێت:** ((مَنْ لَمْ يَدَعْ قَولَ الزُّورِ والعَمَلَ بِهِ والجَهْلَ فَليسَ لِلّهِ حاجةٌ أَنْ يَدَعَ طَعامَهُ وشَرابَهُ)) رواه البخاري.

**واتە: هەرکەسێك واز لە درۆو قسەی پڕو پـوچ وکـردەوە پێکردنیـان و کـاری نـەفامی نـەهێنێت ئـەوا خـوای گـەورە پێویستی بـەوە نیـە کـە ئـەو کەسـە واز لـە خـواردن و خواردنەوە بهێنێت، وە تەنها برسێتی و تینوێتی بۆ دەمێنێتەوە.**

**٩- تەوبەو گەڕانەوە لە خراپەکاری بە تایبەت لە بیدعەکانی ڕەمەزان .**

**١٠- عومرە کـردن لـە ڕەمەزانـدا ئەگـەر توانـای هـەبوو، ئـەوا خێـری حـەج کردنێکـی هەیە لەگەڵ پێغەمبەردا** (صل الله عليه وسلم ).

**١١- ئیعتیکاف کردن .**

**١٢- گەڕان بەدوای شەوی قەدری پیرۆزدا :**

**چونکە خوا پەرستی لە شەوی قەدردا خێرترە لە خوا پەرستی هەزار مانگ.**

**وە خـوا پـەرسـتی لـە شـەوی قـەدردا بـەوە نیـە تـەنها نەخـەویت، بـەڵکو دەبێـت بـە خواپەرستی ئەو شەوە زیندو بکرێتەوەو دور کەوتنـەوەش لـە کـات کوشـتن و سـەیر کردنی فیلم و گوێ گرتن لە حەرام و ........هتد.**

**وە دروستە هەندێکیش بخەویت ئەگەر خەو زۆری بۆ هێنایت .**

بەشی سێیەم :

## ڕوكنەكانی ڕۆژوو :

١- نیەت هێنان :

ئەگەر ڕۆژووی فەرز بوو ئەبێت پێش دەركەوتنی فەجر واتە: (پێش بانگی بەیانی) نیەت بهێنرێت، وە نیەت هێنان لە دڵدایەو بە زمان وتنی یەكێكە لە داهێنراو(بیدعە)ەكانی ناو دین .

٢- خۆ گرتنەوە لەو شتانەی ڕۆژوو دەشكێنن و بەتاڵی ئەكەنەوە، لە بانگی بەیانیەوە تاوەكو بانگی شێوان (مغرب) .

## ئەو شتانەیش كە ڕۆژوو ئەشكێنن :

أ،ب - خواردن و خواردنەوە بە ئەنقەست . بەڵام ئەگەر خواردن و خواردنەوەی خوارد و نەیزانی كە بە ڕۆژووە ئەوا هەر كاتێك بیری كەوتەوە واز دێنێت و ڕۆژووەكەیشی نەشكاوەو تەواوە، وە قەزا كردنەوەیشی ناوێت .

ج- ڕشانەوەی بە ئەنقەست .

د- سوڕی مانگانەی ئافرەت (حەیز)و خوێنی زەیسانی(منداڵبوون)، جا ئەگەر تەنها لەحزەیەكیش مابوو بۆ بەربانگ و حەیزەكەی هات یان منداڵی بوو ئەوا ڕۆژووەكەی بەتاڵ ئەبێتەوە، وە ئەگەر لەحزەیەك پێش بانگی بەیانی پاك بووەوەئەوا ئەبێت ڕۆژوو بگرێت .

٥- جوت بوون (جیماع) :

جا جوت بوون جگە لەوەیش ڕۆژووی هەردوكیان بەتاڵ ئەكاتەوە كەفارەتیشی دەوێت، كە پیاوەكە ئەبێت بەندەیەك ئازاد بكات، ئەگەر نەبوو ئەبێت دوو مانگی لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، ئەگەر نەیتوانی ڕۆژوو بگرێت ئەبێت نانی شەست فەقیر بدات .

وە واجبە هەردوكیان تەوبە بكەن، (یا هەر پیاوەكە تەوبە بكات ئەگەر زۆردار بوو)، وە ئـەو ڕۆژەیـش  قـەزا بكەنـەوە . سـودێك: شـەوانی مـانگی ڕەمـەزان جـوت بـوون حەلاڵە، وە ابن عثیمین ئەفەرموێت:(استمناء)ڕۆژو ئەشكێنیـّت بەلاّم بیّ كەفارەتە.

سودیَك : ئەو شتانەی ڕۆژوو ناشكێنن وەك :

١- كەسێكی بە ڕۆژوو خەوتوەو و لەشی گران ئەبێت .

٢- ڕشانەوە زۆری بۆ دێنێت و دەڕشێتەوە و تواناى بە سەریدا نیە .

٣- خوێن بەربون و دەرچون بەهۆی بڕاوییەوە، یان لوت پژان، یان بەربونی خـوێنی پوك، یان خوێنە چركە (الإستحاضة) .

## بەشی چوارەم :

## ئادابەكانی ڕۆژوو گرتن :

## سوننەتە ڕۆژووەوان ڕەچاوی ئەم خالاّنە بكات :

١- پارشێو كردن :

چونكە پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم ) ئەفەرموێت: (تَسَحَّرُوا فإنَّ في السُّحُورِ بَرَكَةٌ) .متفق علیه.

واتە: پارشێو بكەن چونكە پارشێو كردن بەرەكەتی تێدایە .

جا سودەكانی پارشێو كردن بریتیە لە: ١- سوننەتی پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم )

/٢- هێزو ووزە ئەدات بە ڕۆژووەوان ./ ٣- پێچەوانە كردنی گاورو جولەكەكانیشە .

تێبینـی: ئەگـەر بـانگی بـەیانی داو كەسـێك قاپێـك خـواردنی لـە بـەر دەسـتدایەو خـەریكی خواردنێتی دروسـتە وازی لـیّ نـەهێنیّ و تـەواوی بكات، یـان خواردنـەوەی پەرداخێك ئاو .

ووتـنی ئیمساك (خـۆ گرتنــەوەی پـێش بـانگ) و دانـانی ئیحتیـات و كـار پێكردنـی بیدعەیەو حەرامە .

وە سونەتیشە درەنگ پارشێو بکرێت لە نزیکی بانگ، وە ئامۆژگاریمان بۆ هەموو براو خوشکێك ئەوەیە کە وریابن ڕاستەوخۆ دوای بانگ نوێژی بەیانی نەکەن چونکە لانی کەم (١٠) دەقیقە (إحتیاط) دانراوە، بەلاَم (٢٥) یان (٣٠) دەقیقە خواردن و خواردنەوە لە دوای بانگی بەیانی بەڕاستی ئەوە جێگەی سەرنجەو بەو شێوازە نیەو با وریابن ڕۆژووەکانیان بەتاڵ نەکەنەوە .وە باشتریشە دوای بانگ دان خواردن و خواردنەوە نەخۆن و (إحتیاط) بۆ خۆیان دانێن .

٢- خۆگرتنەوە لە قسەی پڕو پوچ و زمان پیسی و خراپەکاری، کە ئەوانە لەگەڵ ڕۆژوو گرتندا ناگونجێت .

پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم ) ئەفەرموێت: ئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژوو بوو باواز لە وتەی پڕو پوچ بهێنێ و هات و هاوار نەکات، وە ئەگەر یەکێك تەنانەت جنێویشی پێدان یان شەڕی پێ گێڕان ئەوا بابڵێت: من بەڕۆژووم، واتە بەو شێوازە وەلاَمی بداتەوە . متفق علیه.

٣- زۆر خوێندنی قورئان و ماڵ بەخشین و چاکە کردن .

٤- زوو بەربانگ کردنەوە :

ئەمەش پەیوەندی بە خۆر ئاوا بونەوە هەیە نەك بانگ دان، چونکە جاری واهەیە خۆر ئاوا بووە بەلاَم بانگەکە دوا کەوتووە .

٥- بەربانگ کردنەوە بە خورمای تەڕ، ئەگەر نەبوو بەهی وشك، ئەگەر نەبوو بەچەند قومە ئاوێك .

٦- پاڕانەوە لە دوای بەربانگ کردنەوەو خوێندنی ئەم زیکرە: (ذَهَبَ الظَّمَأُ ، وَابْتَلَّتِ الْعُرُوقُ ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّه) . صحيح الجامع للالباني ٤٦٧٨.

واتە: تینویەتی ڕۆیشت و، دەمارەکان ڕەوینەوەو تێر ئاو بوون و، پاداشتیشمان مسۆگەرو چەسپاوە بە ویستی خوای گەورە .

## بەشی پێنجەم :

**ئەو شتانەی کە (حەلاڵە)بۆ ڕۆژووەوان بیانکات :**

**١- خۆشۆردن بۆ خۆ فێنك كردنەوە یان بۆ هەر شتێكی تر .**

**٢- ئاو ڕادان لە دەم و لوت، بەڵام بەبێ زیادە ڕەوی .**

**٣- كەڵەشاخ كردن .**

**٤- بە لەشی گرانەوە بكەوێتە دوای بانگ دانی بەیانی و دواتر خۆی بشوات .**

**٥- لە دوای بەربانگ هیچ نەخوات تاوەكو پارشێو .**

**٦- قوت دانی تف و لیك جگە لە بەڵغەم .**

**٧- سیواك كردن لە بەیانی تاوەكو ئێوارە .**

**٨- بەكارهێنانی بۆنی خۆش و خەنەو كل و بەخاخ و قەترەی چاوو گوێ.**

**٩- دەرزی لێدان . بەڵام دەرزی موغەزی نەبێت (موغەزی ئەیشكێنێت) .**

**١٠- بەكارهێنانی فلچەو مەعجون ئەگەر پێویستی كرد، بەڵام نەچێتە قوڕگەوە .**

**١١- چێشت لێنەر تامی چێشت بكات بۆ زانینی ڕێژەی خوێ و..........هتد، بەڵام قوتی نەدات .**

**١٢- ماچ كردنی خێزان بۆ كەسێك كە بەسەر خۆیدا زاڵ بێت .**

**١٣- ددان هەڵكێشان بە مەرجێك بە ئەنقەست خوێن قوت نەدات .**

## بەشی شەشەم :

### چەند سوودێك :

**١- منداڵێك كە باڵغ نەبووە ڕۆژوی لە سەر فەرز نیە، بەڵام فەرمانی پێ دەكرێت بە ڕۆژوو لەبەرئەوەی خووی پێوە بگرێت و فێر بێت، وە دایك و باوكی پاداشت وەر ئەگرن .**

**٢- شێت و پیرێك كە عەقڵی لای خۆی نەماوە نە ڕۆژویان لەسەرەو نە فیدیە.**

**٣- نەخۆشێك كە نەخۆشیەكەی درێژ خایەنەو هیوای چاك بونەوەی لێ ناكرێت، یان كەسێكی بە تەمەنی بێ توانا، ئەوانە بەڕۆژوو نابن و لە جیاتی هەر ڕۆژێك خواردن ئەدەن بە هەژارێك .**

**٤- نەخۆشێك كە هیوای چاك بونەوەی لێ ئەكرێت، یان كەسێك كە لە سەفەردایە، ئەوا ڕۆژوو ناگرن ئەگەر ناڕەحەت بوون و دواتر قەزای ئەكەنەوە .**

**٥- ئافرەتی حەیزدارو زەیسانی بە ڕۆژوو نابن، بەڵام دواتر تەنها قەزای ئەكەنەوەو بەس .**

**٦- ئافرەتی سك پڕو شیردەر، ئەگەر نەیان توانی یان ڕۆژو گرتن مەترسی دروستكرد لە سەر خۆیان یان لە سەر كۆرپەكەیان ئەوا بەڕۆژوو نابن و تەنها كەفارەت دەدەن و قەزا ناكەنەوە، بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك ئەدەن .**

**إبن عباس ئەفەرموێت:** ((إِذا خافَتِ الحامِلُ على نَفسِها، والمُرضِعُ على وَلَدِها في رَمَضانَ، قالَ: يُفطِرانِ ويُطعِمانِ مَكانَ كَلِّ يومٍ مِسكِيناً وَلا يَقضِيانِ الصَّومَ)) . ارواء الغليل ٤/١٩ .

**واتە: ئەگەر سك پڕ ترسا لە خۆی و شیردەر ترسا لە منداڵەكەی لە ڕەمەزاندا، فەرمووی: ڕۆژووەكەیان ئەشكێنن، وە بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك ئەدەن و ڕۆژووەكەیان ناگرنەوە.**

**سودێك**: باشتر وایە خواردنەکە بە ئامادەکراوی بدرێت بە هەژارێك یان بە ماڵ و منداڵی .

بەشی حەوتەم :

## حیکمەتەکانی ڕۆژوو :

١- ڕۆژوو ئەو پەرستنە بەهێزەیە کە پەیوەندی بەندە بە خوای گەورەوە بەهێز ئەکات و تەقوا زیاد ئەکات، بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەوەی تێدایە، چونکە ئەو بەندەیە تەنها لەبەر خوا واز لە هەموو جۆرە چێژو ئارەزویەك ئەهێنێت وەك خواردن و خواردنەوەو شەهوەت و .....هتد.

٢- ڕاهێنەرێکی گرنگە بۆ زاڵ بوونی بەندە بەسەر نەفسیداو فێری ئارام گرتنی ئەکات و خۆ ڕاگر ئەبێت بەرامبەر بە برسێتی و ناڕەحەتی، هەروەها کەمکردنەوەی تیژی و جۆشی شەهوەت .

٣- دروست کردنی کەش و هەوایەکی ئیمانی لە ناخی مرۆڤدا .

٤- خۆش کردن و ساف کردنی دڵ و دەرون و بیر و نەرم کردنیان و نەهێشتنی دڵ تەنگی .

٥- تەسك کردنەوەی ڕێگاکانی شەیتانی مرۆڤ و جنۆکە بۆ فێڵ کردن و هەڵخەڵەتاندنی بەندەی ڕۆژووەوان .

٦- هێنانە هۆشی دەوڵەمەندەکان بەرامبەر نەدارەکان بە چەشتنی برسێتی و تینوێتی .

٧- ڕاهێنەرێکی باشە بۆ هەست کردن بە چاودێری و موراقەبەی خوایی .

٨- لەش ساغیەکی بێ وێنە بە ڕۆژووەوان دەبەخشێت بە دەرچون و فرێدانی ئەو ژەهرەی کە بەهۆی خواردنەوەی بەردەوامەوە کۆبۆتەوە لە ناو لەشی هەر مرۆڤێکدا.. کەم بونەوەی چەوری.. پشوی گورچیلەو کۆئەندامی میز.. چارە سەری

قۆڵۆن و گەدە.. چالاكی بۆ دەمارەكان و جگەرو دڵ وسی و بەهێز كردنەوەی هەموو كۆ ئەندامەكانی لەش و زۆر سودی تریش .

## بەشی هەشتەم :

## زەكاتی سەرفیترە :

### ١- حوكمەكەی :

فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك. إبن عمر م ئەفەرمويێت: پێغەمبەر(صل الله عليه وسلم ) زەكاتی سەر فیترەی فەرز كرد كە(صاع) ێك بوو - واتە: چوار گوێل - لە خورما، یان جۆ لەسەر هەموو بەندەو ئازادێك كە بیدات، وە لەسەر هەموو نێرو مێیەك، وە لەسەر هەموو گەورەو بچوكێك لە موسڵمانان، وە فەرمانی كردووە كە پێش دەرچون بۆ نوێژی جەژن بدرێت . متفق عليه.

نابێت سەرفیترە دوا بخرێت بۆ دوای نوێژی جەژن، بەڵام دروستە ڕۆژێك یان دووان پێش ڕۆژی جەژن بدرێت .

### ٢- حیكمەتەكەی :

پێغەمبەر(صل الله عليه وسلم )حیكمەتی سەرفیترەمان بۆ ڕون ئەكاتەوەو ئەفەرمويێت :

أ- ئەبێتە هۆی پاكبونەوەی گوناه و كەم و كورتیەكانی ڕۆژووەوان لە ڕۆژووەكەیدا وەك قسەی پڕو پوچ و كاری نابەجێ و زمان خراپی .

ب- ئەبێتە خواردنێك بۆ هەژارەكان .

### ٣- چی ئەدرێت؟ وە بڕەكەی چەندە؟ :

بۆ زەكاتی سەر فیترە تەنها خواردن ئەدرێت و دروست نیە نرخەكەی بە پارە دەربكرێت .

وە بڕەكەیشی چوار گوێل(مشت)ە لە خواردنی ڕۆژانە، كە نزیكەی دوو كیلۆو چل غرام ئەكات بۆ هەر كەسێك، جائەگەر زیاتریش بدرێت ئەوا چاكترەو ئەبێتە صەدەقە .

٤- بۆكێ ئەدرێ؟ وە بەكێ ئەدرێ؟ :

هەر موسڵمانێك ئەو سەر فیترەیە ئەدات لە جیاتی خۆی و ئەوكەسانەیشی كە خەرجییان لەسەر ئەوە، وە تەنها بە هەژارانی موسڵمانان ئەدرێت.

بەشی نۆیەم :

## ماڵئاوایی و كۆتا ئامۆژگاری :

دوای ئەوەی ئەو میوانە بەڕێزە كە مانگی ڕەمەزانی پڕ بەرەكەتە ئیتر ماڵئاوایمان لێ ئەكات، لەلایەك دڵخۆشین بەوەی كە كردەوەی جوانمان تیا كردبێت و ئەویش تاوانەكانمانی لەگەڵ خۆیدا بردبێت، وە لە لایەكی تریشەوە دڵتەنگین بەوەی كە ئەو میوانە خۆشەویستە لێمان جیا ئەبێتەوە، ئاخر شەیتانەكان بەرەڵلاَ ئەكرێن و هاوارو لالانەوەی پارشێوان كەم ئەبێتەوە، جۆش و خرۆشی ئیمانداران كەم ئەبێتەوە، تەراویح و شەونخونی شەوانی قەدر كۆتای دێت، جا خۆشبەختی بۆ كەسانێك كە خۆی تێدا ماندوو كرد، خەسارۆمەندیش بۆ كەسانێك كە جوڵەی لێوە نەهات، چاكەكاران چاوەڕێی پاداشتن و هەموو ماندو بون و تینوێتی و برسێتیەكان ڕۆیشتن و لەزەت و چێژی ڕۆژوو نەگرانیش هەر ڕۆیشت، بەڵام تەنها پەشیمانی و تاوانی سەرپێچیەكانیان مایەوە تا ڕۆژی قیامەت .

جابۆیە ئەی برای خۆشەویست و خوشكی بەڕێزو داوێن پاك و بە حیشمەت ئەگەر تۆ لە كۆششكاران بووی لە عیبادەتكردنی ئەم مانگەدا ئەوا واز مەهێنەو كۆڵ مەدە لە گوێڕایەڵی پەروەردگارت، چونكە تۆ بەندەی خوایت نەك ڕەمەزان، ڕەمەزان ڕۆیشت بەڵام خوای ڕەمەزان هەر ئەمێنێ، وە ئەگەریش تۆ لە خراپە كاران و سەرپێچیكاران بووی و خراپەت هەبووە ئەوا پێویستە بە پەلە تەوبەی یەكجاری بكەیت و پەشیمان ببیتەوە، چونكە دەرگای تەوبە جارێ دانەخراوە .وە بێگومان عیبادەتی مانگی ڕەمەزان یەكێكە لە نیعمەتە هەرە گەورەكان و شوكرانەی خوای ئەوێت كە تاوانەكان لە گەڵ خۆیا ئەبات ، بۆیە پێویستە لەدوای مانگی ڕەمەزانیش بەردەوام بین لەسەر ئەو عیبادەتەو گوێ ڕایەڵی كردنی خوای گەورەو پێغەمبەر

(صل الله عليه وسلم ) ، وه ئەو نیعمەتە گەورەیە لە کیس خۆمان نەدەین، چونکە ئەو عیبادەتە تای تەرازوی چاکەکان قورس ئەکات و تاوانیش سوکی ئەکات .

خوای مانگی ڕەمەزان هەمان خوای مانگەکانی تریشە، جا با خۆمان و خێزان و مناڵەکانمان لەو خوایە ڕازیکەین و لە تورەییەکەی خۆمان بپارێزین .

بەشی دەیەم :

## نوێژی جەژن و ئادابەکانی :

حوکمەکەی: نوێژی جەژن واجبە لەسەر پیاوان و ئافرەتان، لە بەر بەردەوامێتی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم ) لە سەری و فەرمان کردنی بە پیاوان و ئافرەتان بۆ کردنی[1]، وە ئەگەر جەژن کەوتە جومعەوە ئەوا چوون بۆ جومعە لە واجبێتیەوە ئەکات بە سوننەت، جا ئەگەر واجب نەبێت واجبێك لا نابات .

کاتەکەی: کاتێك خۆر ڕمێك بەرز بوەوە نوێژی جەژن ئەکرێت، وە تاوەکو پێش نوێژی نیوەڕۆ ئەتوانرێت بکرێت.

چۆنیەتی نوێژەکە: بریتیە لە دوو ڕکات ، کە لە دوای (ألله أكبر) ی نوێژ دابەستن (٧) جار (ألله أكبر) ئەکرێت ، لە ڕکاتی دووەمیشدا (٥) جار (ألله أكبر) ئەکرێت جگە لە(ألله أكبر) ی هەستانەوە لە سوجدە ، وە بە (صەحیحی) نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە ص کەوا لە گەڵ (ألله أكبر) ەکاندا دەستی بەرز کردبێتەوە .

---

[1] عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ قَالَتْ : أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ ج أَنْ نُخْرِجَهُنَّ في الفِطرِ والأَضحى: الْعَوَاتِقَ وَالْحُيَّضَ وَذَوَاتِ الْخُدُورِ ، فَأَمَّا الْحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَلاة وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ قَالَتْ :قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ :إِحْدَانا لاَ يَكُونُ لَهَا جِلْبَابٌ؟ فَقَالَ :« لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا ». أَخْرَجَهُ البخاري(٣٢٤).

قد إختلف أهل العلم هل صلاة العيد واجبة أم لا ؟ والحق الوجوب لأنه صلى الله عليه و سلم مع ملازمته لها قد أمرنا بالخروج إليها كما في حديث أمره صلى الله عليه و سلم للناس أن يغدوا إلى مصلاهم بعد أن أخبره الركب برؤية الهلال وهو حديث صحيح وثبت في الصحيح من حديث أم عطية ....... ومن الأدلة على وجوبها أنّها مسقطة للجمعة اذا اتّفقتا في يوم واحد ، وما ليس بواجب لا يُسقط ما كان واجب . (الروضة الندية،١/٣٥٧).

ئەم نوێژە بانگ و قامەتی نیە، وە لە پێش و دوایەوە نوێژی سوننەت نییەو هەرکەسێکیش فریای جەماعەت نەکەوت ئەتوانێت بۆ خۆی بیکات.

## ئادابەکانی:

١- خۆشۆردن بۆ نوێژی جەژن .

٢- لەبەر کردنی جوانترین جل وبەرگ و خۆ ڕازاندنەوە[١].

٣- خواردنی چەند دەنکە خورمایەك پێش دەرچون بۆ نوێژەکە. (ئەگەر خورما نەبو شتێکی تر بخورێت).

٤- کردنی نوێژ لە نوێژگە (المُصلّی) گەر هەبوو.

٥- ڕۆیشتن بە پێ ، مەگەر کەسێك زۆر دور بێت یان نەتوانێت .

٦- ڕێگا گۆڕین ، واتە: لە ڕێگایەکەوە یان لە کۆڵانێکەوە بچیت بۆ نوێژو، لە ڕێگا یان کۆڵانێکی ترەوە بگەڕێیتەوە.

٧- جەژنە پیرۆزە کردن لە یەکتری.(تَقَبَّلَ اللهُ مِنّا وَمِنكُم)، واتە: خوای گەورە لە ئێمە و لە ئێوەیشی وەر گرێت.

## سەرپێچیەکانی ڕۆژی جەژن :

١- قەزا کردنەوەی نوێژی بەیانی لە نوێژی جەژندا ، بەو بیانوەی کە نوێژی جەژن واجب نیە .

٢- خۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان لە دەرەوەو واز هێنانیان لە پۆشاکی شەرعی.

٣- تەوقە کردنی پیاوان لە گەڵ ئافرەتانی نا مەحرەم و ، تێکەڵاو بونیان .

٤- چاو نەپاراستنی پیاوان و ئافرەتان لە یەکتری و، سوعبەت کردن پێکەوە.

٥- نۆ جەژنەی مردوو ، تایبەت کردنی جەژن بۆ چونە سەرقەبران.

[١] تێبینی: (مەبەست لە خۆ ڕازاندنەوە ئەوەیە کە پیاوان باشترین و پاکترین جل لەبەر بکەن و بۆنی خۆش بدەن لە خۆیان ، نەك ڕیش تاشین و بۆیاخ کردن ، وە ئافرەتانیش پاکترین و باشترین جلی شەرعی لەبەر بکەن ، نەك جلی تەسك و بەکار هێنانی بۆنی خۆش، چونکە حەرامە بو ئافرەت بۆنی خۆش لە خۆی بدات بۆ دەرەوەی ماڵ ).

٦ـ بەرەڵاکردنی منداڵان بۆ ئازاردانی خەڵکی بە تەقەمەنی و ماتۆڕ و پاسکیل و ترومبێل.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين
**سلێمانی / مزگەوتی بەهەشت**

**سەرچاوەکان: جگە لە قورئان و فەرمودە سەحیحەکان :**


١- الصوم دروس للشيخ الألباني/ .

٢- وظائف المسلم... / د. عبداللطيف بن أحمد .

٣- الوجيز فى فقه السُنة.../ د.عبدالعظيم بن بدوى .

٤- رسائل من اعداد (القسم العلمى بدار الوطن) / الرياض .

٥- مجلة الفجر / بغداد.


## هۆنراوەیەکی (بەدر) دەربارەی (ڕەمەزان)

**بسم الله الر حمن الرحيم**

**{مانگی ڕەمەزان}**

| | |
|---|---|
| مانگی ڕەمەزان | ساڵی دووی کۆچی |
| خودا فەرزی کرد | قەد نەڵێی بۆچی |
| قەینا پرسیار کەیت | لەهۆ و حیکمەتی |
| گەر ڕقت لێی بێ | ضال و نەگبەتی |
| ڕۆژوو هۆکارە | بۆ چوونە بەهەشت |
| یان لەدۆزەخدا | بسووتێ جەستەت |
| ڕۆژوو هۆکاری | خۆشحاڵی دڵە |
| هۆی لابردنی | سزای ژێر گڵە |
| کەسی باڵغ و | توانادار و گەنج |
| لەسەری فەرزە | ڕۆژوو بەدوو مەرج |
| نییەتی خالیص | تەنها بۆ خوا بێ |

| | |
|---|---|
| ڕۆژووی وەك ڕۆژووی | پێغـــەمبەر وابێ (ﷺ) |
| خوا ئیزنی داون | نەخـۆش و گەشـتیار |
| بـەڕۆژوو بوونیان | بــۆ بووە بە إختیار |
| پیر یان نەخۆشـــــی | درێژ خایەن بوو |
| بەس فیدیە ئـەدات | نایگــرێت ڕۆژوو |
| یاخود ئافرەتی | دووگیان و شـــیردەر |
| ڕۆژوو ناگـــرێت | کـەهەی بوو زەرەر |
| لەباتی ڕۆژوو | فیدیە ئەبەخشـــێت |
| با بەڕۆژوو بێت | کــــەتوانای هەبێت |
| کە سـەر جێی یان | کرد پیاو و ئــافرەت |
| واجبـە کـــەپیاو | بیدا کەفـــارەت |
| ئافرەتی بێ نوێژ | یاخود زەی ســـان |
| قەزای لەســــەرە | نەوەك فیدیە دان |
| کەسـێك چەند ڕۆژێك | نەیگرت ڕەمەزان |
| ئەبێ قـەزای کات | زوو بەبێ نوقسـان |

★★★~~~~~★★★~~~~~★★★~~~~~★★★

## ﴿باسی حەڵاڵ و حەرام و سەرفترە وچەند باسێکی تر﴾

★★★~~~~~★★★~~~~~★★★~~~~~★★★

| | |
|---|---|
| بۆ ڕۆژووەوان حەڵاڵە | ئاو ڕادان لەدەم و لووت |
| ماچ و دەست بازیش قەینا | بەڵام نابێ ببێ جووت |
| دروســتە بەجەنابەت | یاخود بەلەش گـرانی |
| ڕۆژی لێ ببێتەوە و | زوو خۆی بشوات بەیانی |
| حەڵاڵە سیواك کردن | بۆ هەرپێنج فەڕزەکەی نوێژ |
| یان بۆ تاقی کردنەوە | خواردن بکا تام و چێژ |
| قـەینا بەکار هێنانی | کل و قەترە یان دەرزی |
| ئەنجامدانی کەڵەشاخ | جگەلەدەرزی موغەزی |
| خۆ شـۆردن و ئاو پرژێن | بۆ خۆ فێنك کـردنەوە |
| وریای ئیسراف کردن بەو | ئاو نەچێتەقوڕگ تەوە |

| | |
|---|---|
| بەنەزانین خواردنەوە | یاخود خواردن حەڵاڵە |
| بەڵام کەبەئەنقەست بوو | ڕۆژووی ئەشکێ و بەتاڵە |
| ڕۆژووی ئەشکێ و بەتاڵە | کەخۆی بڕشێ نێتەوە |
| کەبەویستی خۆی نەبوو | لەبیرخۆی بەرێتەوە |
| ئافرەت کەوتە بێ نوێژی | یان کەوتە زەی سانی |
| ڕۆژووی ئەشکێ و بەتاڵە | تاخاوێن ئەبێ گیانی |
| لەدووای نییەت بەپارشێو | دەست پێ ئەکرێت بەڕۆژوو |
| واش باشترە دووابخرێت | نەوەکو هەڵبستێ زوو |
| کاتی بەڕۆژوو بوونیش | بەیانی تا ئێوارە |
| قورئان باسی کردووە | ئەمری پەروەردگارە |
| کەفەجری صادق دەرکەوت | وازلەخواردن بهێنە |
| هەرکاتێ خۆرئاوا بوو | بە بسم الله بیشکێنە |
| باشتر وایە بەخورما | ئێواران بیکەیت بەربانگ |
| دەست پێدەکا و کۆتای دێ | ڕەمەزان کەبینیت مانگ |
| شەوی لەیلەتول قەدر | وریابین نەیکەین لەبیر |
| خێرەکەی هەزار مانگە | مەی فەوتێنە کەسی ژیر |
| سەرفترەش بەخواردنە | سوننەتی پێغەمبەرە(ﷺ) |
| ئەوەی ئەمڕۆ دژ یەتی | لە سوننەت بێ خەبەرە |
| کاتیش دوو ڕۆژ پێش جەژن | هەتا پێش نوێژی جەژن |
| واجبە لەسەر کۆیلە و | گەورە و بچوك پیاو و ژن |
| بەپێی جۆری خواردنەکە | ئەگۆڕێت جۆر و بڕی |
| وریای جۆری خراپ بە | لەو خواردنەی ئەی کڕی |
| ئینجا لەدووای ئەم مانگە | ڕۆژی خۆشی و جەژن دێت |
| تیایدا گەردن ئازای و | سەردانی خزم دەکرێت |
| دووعادەکەین بۆ یەکتر | خوا طاعەتمان وەر گرێت |
| بەڵکو خوا ڕازی کەین و | شیطانمان لێ زویر بێت |

نووسینی: بەدر